# بەرگری کردن لە شۆڕشی ئۆکتۆبەر

## (ساڵگەردی 88 ساڵەی شۆڕشی ڕووسیا)



## ئازاد ئارمان

گەورەترین و مەزنترین وەرچەرخان لە سەدەی بیستەمدا ڕووداونی (بەرپابوونی) شۆڕشی ئۆکتۆبەر بوو لە 25ی ئۆکتۆبەری ساڵی 1917، بە ڕێبەری بەلشەفیەکان.

88 ساڵ لەمەوبەر لە سەردەمانی جەنگی جیهانی یەکەم ( جەنگی وڵاتە ئیمپریالیستەکان) بۆ یەکەمین جار چینی کرێکار دەسڵاتی سیاسی گرتە دەست و شوراکان بوون بە شێوازی دەسەڵات و فەرمانڕەوا لە ڕووسیادا.

لە شۆڕشی شوباتی هەمان ساڵدا بۆرژوازی ڕووسیا بە هەموو شێوەیەک تێدەکۆشا ئەڵگوی پەرلەمانی بکاتە ئەڵتەرناتیف لە بەرامبەر ئەڵتەرناتیڤی دەسەڵاتداری شورایی کە ئەو کاتە دەسەڵاتی دوو لایەنە لە کایەدا بوو. هەم بۆرژوازی خاوەن دەسەڵات بوو، هەم چینی کرێکار، قەت نەدەکرا ئەم شێوەیە لە

دەسەڵات درێژەی هەبێت، سەرەنجام چینی کرێکار بە ڕێبەرایەتی بەلشەفی یەکان توانی لە هەمان ساڵ لە مانگی ئۆکتۆبەر دا دەسەڵاتی تەواو بکەوێتە دەستی شوراکان و ئەڵتەرناتیڤی بۆرژوازی شکست بێنێت. هاوڕێ لینین هەڵکەوتووترین سەرکردەی شۆڕش ئەم پەیامەی ڕاگەیاند و ئەم دروشمەی بەرزکردەوە (نان، ئاشتی، زەوی) و (هەموو دەسەڵاتێک بۆ شوراکان). ئەمەش ئەوە دەردەخات کە شۆڕشی شوبات ساڵی 1917، شۆڕشێکی خۆبەخۆ و بەرنامە داڕێژراو نەبووە، هەروەکو کەسایەتی دووەمی شۆڕشی ئۆکتۆبەر لیۆن ترۆتسکی دەڵێت: (هیچ کەسێ نەبوو بەشێوەیەکی پۆزەتیف بە بیریدا بێت کە 23 ی شوبات خاڵی دەست پێکردنی وەرچەرخان پێکدێنێت دژی حوکمی موتلەق). بەڵام بە پێچەوانەوە شۆڕشی ئۆکتۆبەر بەرنامە داڕێژراو و بە پیلان بوو. بەلشەفیەکان هەنگاو بە هەنگاو لە گەڵ چینی کرێکاران و جوتیاران و دەریاوانان بە تاکتیکی دروست توانی یان لە 25 ئۆکتۆبەر حکومەتی شورایی ڕاگەیەنن. ئەو کاتە دروشمی " هەموو دەسەڵاتێک بۆ شوراکان" نەک هەر پەیامێک یاخود بانگەوازێک نەبوو، بەڵکو بە مانای واقیعی دەسەڵاتی ملیۆنەها مرۆڤی ڕەنجدەر و چەوساوەی ئەم وڵاتە بوو. هەر دوا بە دوای بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات لە لایەن شوراکانەوە دەستبەجێ ئەم ئەرک و داخوازی یانەی جێبەجێ کرد کە ئەو سەردەمە بەراورد لە گەڵ پێشکەوتووترین دەوڵەتی سەرمایەرداری بێ وێنە بوو. بەشێکیان ئەمانەی خوارەوەن:

- کارخانە و کارگەکان لە لایەن شوراکان کۆنترۆڵ کران و بەڕێوە دەبران.
- زەوی ئاغاکان و کۆلاکەکان دابەشکران بە سەر جوتیاران.
- میللەتە چەوساوەکان بە مافی دیاری کردنی چارەنووس گەیشتن.
- ڕزگاری و یەکسانی هەمەلایەنەی دابین کرد بۆ ژنان، لەوانە: مافی جیابوونەوە، مافی ئازادی لە باربردن( کە بۆ یەکەم جار لە جیهاندا دابین کرا) "{ ئێستاش لە زۆربەی وڵاتانی دونیا ئەم مافە نایاسایی یە}
- دەست بە جێ و یەک لایەنە شەڕی ئیمپریالیستی ڕاگرت
- لە سیاسەتی دەرەوەی حکومەتی شورایی هەموو سات و سەودایەکی بە نهێنی هەلوەشاندەوە.

هەر لە سەرەتای دەسەڵاتی شوراکان، لە دوای ساڵی 1918، پارتی بەڵشەفیک و دەوڵەتی کرێکاری تووشی چەندین ڕێگری و تەنگوچەڵەمەو شەری ناوخۆ هات. ئەوە بوو لینین و ترۆتسکی چەندین جار هۆشداریان دا بە پارتی بەلشەفیک و دەوڵەتی کرێکاری سەبارەت بەم کێشانە، چەندین سیاسەت و تاکتیکی ژیرانەیان دارشت بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم هەلومەرجە نالەبارە، لەوانە پێکهێنانی سوپای سوور بە سەرکردایەتی لیۆن ترۆتسکی، کە توانی هێرش و پیلانە گڵاو و ئیمپریالیستی یانەی زیاتر لە 14 دەوڵەتی سەرمایەداری شکست پێ بێنێت. دارِشتنی سیاسەتی نیپ و کۆمۆنیزمی جەنگی، هەروەها لێدانی زەنگ لە بارەی بەهێزبوونی بیروکراتیزم لە ناو دەسەڵاتی شورایی و کۆنترۆلی پارتی بەلشەفیک لە ناو دەوڵەت لە جیاتی دیموکراسی کرێکاری ...هتد.

دوابەدوای مەرگی لینینش هەرچی زیاتر بیروکراتیزم لە ناو دەوڵەتی کرێکاری و پارتی بەلشەفیک بەهێزتر دەبوو، کە لە لایەن ستالین نەوە ڕێبەری دەکرا. لە بەرامبەریشیدا فراکسیۆنی جۆربە جۆر دروست بوون بە هێزترینیان فراکسیۆنی ئۆپۆزسیۆنی ئەنتەرناسیونالی چەپ بوو بە ڕێبەرێ هاورێ لیۆن ترۆتسکی.

سەرئەنجام دوای کوشت و بڕو لە ناوبردن و پاکسازی زۆربەی زۆری ئەندامانی سەرکردایەتی پارتی بەلشەفیک لە لایەن ستالینەوە هەتا ساڵەکانی 1928 ،چینی کرێکار بە تەواوی لە دەسەڵاتی سیاسی لە دەست داو چینێکی مشەخۆر دروست بوو بەرە بەرە سەرمایەداری دەوڵەتی خۆی چەسپاند. لە ژێر دروشم و تێزی "بنیاتنانی سۆسیالیزم لە یەک وڵاتدا". یاخود بە هێزکردنی ئابووری ڕووسیا گەورەترین گورزی دا لە بزووتنەوەی سۆسیالیستی و کرێکاری. بە دیاریکراوی شۆڕشی ئەلمانیا و بولغاریا و ئیتالیا و سین لە دەیەی بیست و سی یەکانی سەدەی رابردوودا.

گرنگترین هۆکارەکانی شکستی شۆڕشی ئۆکتۆبەر ئەمانە بوون:

- قەتیس مانەوەی شۆڕش لە ڕووسیا
- سەرنەکەوتنی شۆڕشی ئەلمانیا و بەشێکی ئەوروپا
- جەنگی جیهانی و شەڕی ناوخۆ
- لە دەست دانی بەشێکی زۆر لە کادیرو رابەرانی کرێکاری لە سەردەمانی جەنگی ناوجۆدا.
- کەمی ژمارەی چینی کرێکار لە ڕووی چەندایەتی و چۆنایەتی یەوە لە چاو توێژەکانی تری کۆمەڵگا.
- بەهێزکردنی ناسیونالیزم لە بەرامبەر ئەنتەرناسیونالیزم

لە بەرامبەر ئەم تێز و دەسەڵاتە ستالینی یانە لیۆن ترۆتسکی دەورێکی بێ وێنەی گێڕا، لە ریسواکردنی کردنی کارو کردەوەکانی ستالیترم و نیشاندانی جیاوازی یەکانی نێوان ستالیترم و بەلشەڤیزم کە کاتی خۆی لیۆن ترۆتسکی بەم شێوەیە پێناسەی دەکات: "ئەوەی لە نێوان بەڵشەفیزم و ستالیترمە نەک هەر دیواری خوێنە، بەڵکو ڕووباری خوێنە". هەروەها دەوری شۆڕشگێڕانە و سۆسیالیستانەی شۆڕشگێری سۆسیالیست تۆنی کلیف لە سەرەتایی ساڵانی 1940 سەبارەت بەهەمان مەوزوع، لە ژێر ناوی تیوری سەرمایەداری دەوڵەتی، توانی باشترین و ڕۆشنترین لێکدانەوە هەڵسەنگاندن ئەنجام بدات لە سەر چارەنووسی شۆڕشی ڕووسیا. کە بە ڕۆشنترین تیوری مارکسیستی ناوبانگی دەرکرد لە نێو بزووتنەوەی سۆسیالیستی لە جیهاندا. ئەزموونی ڕووسیا و ئەوروپای ڕۆژهەڵات نیشانی دا کە دروست ترین تیوری مارکسیستی بوو.

## ئایا ئۆکتۆبەرێکی تر ئیمکانی هەیە؟

بەراورد کردنی جیهانی ئەمرو لە گەڵ سەدەی بیستەم سەردەمانی بەرپابوونی شۆڕشی ئۆکتۆبەر. جیاوازێکی گەورەو زەق بەدیدەکەین، هەم لە ڕووی

چەندایەتی هەم لە ڕووی چۆنایەتی یەوە. نەک تەنها لە کۆمەڵگای ڕووسیا بەڵکو لە سەرتاسەری جیهان.

ئەمرۆ ژمارەی چینی کرێکاری قارەیەک (کیشوەرێک) زۆر زۆر زیاتر و بەرفراوانترە لە ژمارەی چینی کرێکاری هەموو جیهان لە سەرەتای سەدەی بیستەم لەو کاتەی شۆڕشی ئۆکتۆبەری تیا بەرپابوو. هەروەها کێشە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی یەکان بەراورد ناکرێ بە سەدەی رابردوو، لە باری قورساییشەوە جێگای کرێکاران لە چاو توێژەکانی تری کۆمەڵگا وەکو جوتیاران زۆر زیاترو بە هێز ترە و دەیان هەزار کرێکار لە یەکەی بەرهەمهێناندا کار دەکەن. هەروەها لە باری بێکاری و هەژاری و جەنگیشەوە ئاراستەکە لە هەڵکشاندایە.

گەر بە دیاریکراوی بگەرێینەوە بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، ئایا ئۆکتۆبەرێکی تر ئیمکانی هەیە، وەڵامەکەی حەتمەن بەڵێ یە، ئەرێ بەرپابوونی شۆڕش لە جیهاندا کارێکی حەتمی یە، بەڵام سەرکەوتنی حەتمی نی یە. ئەویش ئەزموونەکانی 150 ساڵی رابردوو لە چەندین وڵات نیشانی داوە بەبێ بوونی پارتێکی شۆڕشگێری جەماوەری بەرفراوان و تیوری شۆڕشی بەردەوام ئیمکانی نییە ئەم سەرکەوتنە مسۆگەر بێت.

ئەگەر 150 ساڵ لەمەوبەر تارمایەک کۆمۆنیزم لە ئەورپادا لە هاتو چۆدا بوو، ئەوە ئەمرۆ ئەم تارمایی یە بۆتە هەقیقەتێکی بەڵگەنەویست و لە هەر پێنج قارەی دونیا ئەم تارمایی یە دەبینرێ و لە جوولەدایە. ئەویش بزاڤی بەرەنگاربوونەوەی دژی سەرمایەداری و جەنگ و دژی لیبرالیزمی نوێ یە. لە هەناوی ئەم بزووتنەوەیەدا سیمای دونیایەکی تر، دونیایەکی باشتر بەدی دەکرێت کە نەک ئیمکانی هەیە، بەڵکو پێویستیشە.

بۆ خوێندنەوە و شارەزایی زۆر تر و زیاتر لە سەر باسانە، بە باشی دەزانین سەردانی ئەم ماڵپەڕانە بکەن:

- http://www.marxists.org/archive/trotsky/index.htm
- http://www.marxists.org/archive/cliff/index.htm
- www.azadarman.com